# هەڵوێستی ئاو....

مەهدی ساڵح مەجید
mahdisalih_06@hotmail.com

بۆ : تەیمور قادر کاکەلی

1998 هەولێر

پێشەکی .. خدری زینە دێت و چل سوارەی غەیبی لەگەڵایە .. باوکم
پێی دەڵێت :-
کانیاوێکمان بۆ لێ بدات میهرەبانی لێ هەڵبقوڵێ .. میهرەبانییەک
لە ماڵێکی ڕۆشن بچێ ...
دیوارەکانی هەرێز بێ و پەنجەرەکانی گوڵە زەنبەق .. دەرگایەکی دوولایی سەخی بێ وەک و ئاو
ئاشنایی هاتوچۆی تیابکا .. ئاوماڵێک لە دڵنیایی .. کۆڵانێک ناوی لێ بنێی خۆشەویستی .
لەگەڵ سێبەری بەیانیدا بچیتە سەردانیی ئاوو .. لەگەڵ سێبەری ئێوارانداا لە میوانی ڕەزێکی
ئاووس بێیتەوە .....
-وەستان لە قەراغی ئاودا چ کەیف و سەڵتەنەتێکە .
لە سێبەری گوڵە مەرجانا بە دڵێکی تەڕەوە گوێ لە گۆرانی ( داریوش) بگری ...
بە دەستێکت ئاو بخۆیتەوە .. بە دەستەکەی ترت شەرە ئاو بکەیت .
بە دەستێکت خۆشەویستەکەت بگریت و بە دەستەکەی ترت شتێکی لە ئاوەکەدا پیشان بدەیت ..
گەشتی ماسی لە نێو ئاودا حیکمەتێکە نهێنییەکەی لە نێو دڵی عاشقدایە ..
عیشق سەولی خەرامانەو لە قەراخی ئاودا دەڕوێ ...
بۆنی پونگەو شۆرەکاتی ئاوی مەندوو تەڕەشوعی مێینانە
چ کەیفێک و چ سەفایەک دەبەخشێ بە تەنیاییەکی داچۆڕاو ..
- لە بیابانەوە دێین . شەجەرەمان دەگەڕێتەوە بۆ تینوێتی ، ڕەچەڵەکمان دەچێتەوە سەر
ئەو خەڵفە نەمامانەی بێ فایدە لە کۆتەرەی درەختێکی ووشک هەڵاتوودا سەوز دەبن ..

بەیەک پشت دەچینەوە سەر ئەو پیاوە
-نیاندرتاڵەی
-بەشوێن ئاسکێکدا هات و
لەم بیابانەدا ون بوو / لە تەنیاییدا ئێمەی لەسەر ئەم ڕەمەتە تاوێرە هەڵکۆڵی ..
ڕەوە سەربازێکی ڕاکردوی کفت و ماندووین ،
لە نەشارەزایدا ملمان ناوە بەئەسەفێکی قووڵەوە ..
-گەورەم دەبینی چیمان بەسەر هات ..
چ ئاخرێکمان نەهاورد ..
وەک قەوزەیەکی ڕەنگ پەڕیوو لە چەمێکی ووشک کردوودا ڕەق و ناشرین هەڵاتووین ..
پاشماوەی گوندێکی خاپوور کراوی ئۆردووی عەجەم و مەغۆلین
کاروانییەکین لە حوزن ..
بارەکەمان نیشتمان بوو

ناوەختانێک بە عەردی حەراما هاتین و کەوتینە دەستی تالانی
– قوربان دەزانیت ئەم هاتنەمان مەجالی گەڕانەوەی تێدا نەما ..؟؟
تازە ڕەهەنەی مەنجەنیقی بێ پەناو پەسێوی بووین ودەنگمان بەهیچ کوێیەک ناگات ..
هەردەو هەڵەتی بیابان ڕەنگ و ڕووی پێوە نەهێشتووین
تازە پیر بووین پیر .. ئەم تووڵە نەمامانە پێمان ڕائەبوێرن ..
تازە ئیتر گۆڕ غەریب بووین و دیدارمان کەوتە قیامەت ...
وەک پۆلە ماسییەکی سەرلێ شێواو لە گۆمێکی ڕاوەستاودا دەست خەڕۆ بووین
– بوونمان چ بێ مەعنایییەک دەبەخشێ گەورەم ..؟؟
–هاتنمان چ پەشیمانییەکی لێ کەوتەوە ..
ڕێزەمان چەند قوورس و تاڵە ئەڵێی داری قووزەڵقوردین
تەماشای من بکە ڕووخسارم چۆن بووە بەپەڵاس
تۆ دەڵێی سوێندی نەحەقەت خواردووە .. ڕەش وچڵکن داگەڕاوی
–سێبەرەکەمان چ خوارو خێچە .. ئەڵێی – ئینکیر و مونکیڕین –....
– دەزانیت من وەختێک پێ ئەکەنم عەینەن ( لە عەپسی) دەچم
تۆ ئەوەندە درێژ و ناقۆڵای ئەڵێی پیاڵەت قووت داوە ..
وەک ڕیزە دانی پیاوێکی بێزار لە خۆیی و لە هەموو دونیا .. زەردوو ناشرین لە جیرەوە چووین ..
– بێ فایدەیە وەک مناڵەکانی سەر شۆستە هاوار بکەین .. ئەم ڕوحە –پارە پارە – بووەمان بۆ بکەن بەکاغەز ...
بێ سوودە لەسەر ئەم لمە شت بنووسین و وورده گلەیی بۆ یەکتری هەڵبڕێژین ..
هاتین بە نێو ئەم گەرماییەدا هاتین هەتا گەیشتینە دۆزەخ
ڕۆیشتین بە نێو ئەم بیابانەدا ڕۆیشتین تا سەراپا بووین بەلم
دواتر باو تۆزێکی ئێسک تاڵ لوولی داین و لە سوقاقێکی فەرامۆشیدا ئیهمالی کردین ..
– قافڵەیەکی سەر هەڵگرتووی دەستی جەنگ و غەدرو تێکشکانین
– عارەقی هەموو میحنەتێکمان لێ دەچۆڕێ / تۆزی هەموو هەرەس و غەریبییەکمان لێ هەڵدەستێ ، بیابانێکین لە وەحشەت .. چۆڵەوانییەکین لە فیراق ...
– سەرقافڵەچییەکەمان پیاوێکی ڕەشیدو ئیمان قایم بوو
ناوی منی لەبیر چووبووەو هەر – بە هین – بانگی دەکردم
– لێی پرسیم (هین) کە هاتین چەند کەس بووین ؟؟
– کە هاتین من تازە خەتم دابوو ، تۆ ژنی دووەمت ئاووس بوو ..
( سەمیعە ) لەبەر ماڵا تەشی دەڕست ، ئاسمان شینێکی تێر بوو ....
– کە هاتین ئێوارە لە بەردەم ئاوەدانیا بەفیزەوە قەلەنەی دەکێشا ...
ڕەشە ڕەیحانەی خوێن گەرم لەقەراغ حەوزی یەقینا بنجی دابوو ...
دایکم تەشتێک خەنەی گرتبووەوە بۆ سەری .....
– کاشکی نەدەهاتین ، کاشکی نەدەڕۆیشتین ...
– هاوڕێکانم یەک یەک لەدڵی منا مردن و لە بیرەوەرییەکانی دایکیشمدا بەسەر چوون
خزمەکانم هەندێکیان لەتەنیایدا مردن و بەعزێکیان لە چاوەڕوانیدا وەرهەمیان کرد

سەرقافڵەچییەکەمان لە تینواندا کوێرایی داهات / دەبوو هەشت ساڵ بە نێو ئەم بیابانەدا
بە کوێری دەستی ڕابکێشم ...
وەک دار عاسایەکی خێر لەخۆ نەدیوو بەر عەمرو چاوساغی بکەم ..
هەشت ساڵ وەک – عیزرائیلێکی – پشوو درێژ بەدیارییەوە ڕابووەستم تا خوا ڕۆژی تەواو بکا ..
هەشت ساڵ بەدیار ( شو عەیبێکی ) زەلیل و بێ بەهرەوە جاری و سەقاو کێش و شوان بووم
هەشت ساڵ دیل بووم لە شەڕی – ئێران و عێراقدا – هەشت ساڵ شەهیدی شەڕی برا کوژی بووم
– تەمەنی گەنجێتی هەشت ساڵە ...
– هەشت ساڵ گاڵتە نییە برا گیان .. سێ هەشتی ئەکاتە بیست و چوار و منی لێ دەربکە
ئەکاتەوە ئەو ڕۆژەی باوکم تازە ژنی هێنابوو .. هەشت ساڵ بەدەم ئاسانە برا گیان ..
– تەنها ( بەدوو ) دەزانێت گۆڕەو شاری بیابان چەند سەختە .. مەنجەنیقی تەنیای چەند گەرمە
..؟
– من دەزانم دە ئەستۆ گرتنی نەخۆشی باوک چ میراتییەکی تاڵە ..
نیشتمان دەزانێت جەنگ چەند سەخیفە ..؟
هەشت ساڵ زۆر نییە .. شەڕە گەڕەکێکی بچووکی ووڵاتەکەی من هەشت ساڵ دەخایەنێت ،
شەڕە عەشیرەتێک هەژدە و شەڕێکی ناوخۆیی عومری –نووحێکی – پێ دەوێت ..
هەشت ساڵ هیچ نییە نا ، تەمەنی من و باوکم و هاوڕێکانم بەشی سەفاو مەروایەکی نێو بیابانی
نەکرد.
کۆستکەوتنی دایکم و دراوسێکانم و میللەتەکەم بەشی ئاشت بوونەوەیەکی نەکرد ...
هەر ئەهاتین و بیابان ئەوسەری دیار نەبوو ، هەر ئەڕۆیشتین و جەنگیش –پا ، پا– لە دوامان
ئەهات ..
نە بیابان سەرەتایەکی هەبوو ناوی لێ بنێین مەنزڵ و
نەجەنگیش کۆتایی ئەهات تا سەرژمێری دەرگاو
–پەنجەرە داڕوخاوەکانی دڵمان بکەین ..
– سەرقافڵەچییەکەمان پیاوێکی هەتیوو باز بوو ...
وەختێک دەستیم ڕائەکێشا زیاتر خۆی پێوە ئەنووساندم ، هەناسەی لە هەناسەی بیابان
گەرمتربوو–
–عارەقی بەلمەکە دەکرد ..
دەبووا وەک و ( ئیسماعیل ) ملم لە موو باریکتر بێ لە حاست ئەجری باوکایەتی
– قوربان ئەم ڕۆیشتنە نامانگەیەنێتە هیچ کوێیەک
– ئەم ڕاوەستانە هیچ دەرویەکمان لێ ناکاتەوە ..
– دابنیشین لم بانمان ئەدات ...
هەڵبستین لەم قەراخی تەنیاییەدا بۆ کوێ بڕۆین !!!
ئەوەستین ڕۆژمان لێ ئاوا ئەبێ ...
– کە هاتین نیشتمانیان لە هێسترێک بار کردبوو بەرەو مەجهولیان دەبرد ..
ئاسمان خوێنی هەڵئەهاورد و .. زەمین پڕ مشتێکی لێ مابووەوە
– دایکم لە تاریک و ڕۆشنی ئێوارەدا گەنمی دائەکردە بەر مریشکەکانی .

– وەختێک دامان کێشا گوندەکەمان چارەی دابەیەکاو ڕەزەکان بەرەوەن بوو بوون ..
تەنیایی لەبەردەم ماڵەکاندا سەری داخستبووە خوارو چوکڵی لە عەردی دەخشان
گەڵاکانی میهرەبانی هێشتا پایز دانەهاتبوو زەردو زەعیف داگەڕابوون ...
پەلەوەرەکانی ئاوەدانی هەر ئێوارە .. شامیان نەداوە بێچوەکانیان و بۆی دەرچوون ...
– بەرەکەتی پیاوچاکانی سیاسی و پێ و قەدەمی موبارەکیان :–
ئاوەدانیان کردە بیابان و بیابانیشیان کردە جەنگ و جەنگیشیان دۆڕاند و
ئێمەیان ئاوارەی یەئسی بێ کەسی و پەڕەوازەی تەنیایی کرد
ئێمەیان تووشی ڕۆژڕەشی بیابان و ( شزوزی جینسی قەدەر کرد ).
– سەرقافڵەچییەکەمان پێی وابوو دوایی ئەو هەموو عومرە هێشتان ئەتوانم گەنج بم
هێشتان هەر بەبەرمەوە ئەمێنێ ...
– دەینەڕاند بەسەرمدا :– هەی زەندیق بۆچی لە کۆڵم ناگری ...
– هەی کافر بۆچی ئاوم نادەیتێ ...
– گەورەم ئاخر لێرە ئاو نییە ئاو بخۆینەوە .. تا چاو هەتەر بکا دەشتێکی کاکی بەکاکی گەرمە
تا گوێ هەڵخەی دەنگی قیرەی بۆقیش نایەت ....
– لێی پرسیم چەند کەسمان لێ ماوەتەوە .. وەک قوتابییەکی شڵەژاو لە قۆپییەکردندا بیگرن
ناشیانە هەر دە پەنجەکانم نوقاند/ دەستەکانم دان بەیەکا... :–
– خوشکەکانم شویان کردە بیابانی عەرەبستان و / من بووم بەخاڵۆی ئەنفال
گوندەکەمان کارەسات ( ئیغتیسابی) کردو / ووڵاتەکەم سیاسەت دڵی ڕەش کردووە
دایکم بەسەر گەڵامێوێکەوە ئاو بردی / بەرماڵەکەی بەسەر تووترکەوە جێ مابوو
بە درێژایی فیراقی من لە قەراغی ئاوەکەدا بۆنی خەنەو سمڵ و ڕەیحانەی لێ ڕژابوو
خۆشەویستی دایکم هەتا منیش مابووم هەر بەسەر ئاوەکەوە کەفی دەکرد /
لە بن دەوەن و نەرمایی سێبەری ئاوەکە / دایکم دونیایەک یادی خۆی بەمیراتی بۆ بەجێ
هێشتبووم /
پۆلە ماسی ووردو درشت تا سنووری عوزلەتی من تەرمەکەیان بەڕێ دەخست ...
– بە درێژایی ئاوەکە دایکم وەسێتی کردبوو :– کەپرێک بۆ داڵدەی بێ نازی (بالولی) کوڕی دروست
بکەن / شایەکان ئەگەر هاتەوە ....
– دوایی دایکم ماینەوە من و زاواکەم / ماینەوە هابیل و قابیلێکی فاشیل /
موساو شوعەیبێکی هیچ لەبارا نەبووی بەدبەخت / نەئەمتوانی بیکوژم و نە دڵیشم ئەهات جێی
بهێڵم
– قەدەر چ بوختانێکی بۆ کردین .. جەنگ چ درۆیەکی بۆ هەڵواسین .. سەرقافڵەچییەکە باوکم بوو
!!
دەبووا هەشت ساڵ عەلی تەبار بەدیار پیرێتی ئەوەوە گەنجێتی خۆم سیس و پەژمووردە بکەم .
هەشت ساڵ من و باوکم هەموو عاتیفەیەکمان ژاکا / دانی هەموو نامەحرەمییەکمان لە یەکتری سپی
بوونەوە / هەشت ساڵ وەک دوو جەنگاوەری نەیار .. دوو میلیشیا سەنگەرمان لەیەک گرتبوو
نە جەنگمان دەکرد و نە ئاشتی ...
خودایە تێنەگەیشتم حیکمەت لەم سەفاو مەروایە چییە .. ئەم هاتن و ڕۆیشتنەی ئێمە ناوی چ

غەزایەکی لێ دەنێی / دەتەوێ چ مەوجیزاتێکمان پیشان بدەی / تۆڵەی چ خەتایەکمان لێ دەستێنیتەوە ...
–خوایە گیان ئێمە بەرگەی غەزەبی تەنیایی ناگرین / یەک کەم لەنووری خۆتمان پێ ببەخشە ئێمە بەرگەی تاریکایی ناگرین ...!!!
– هەشت ساڵ من و باوکم بەبەر چاوی ئەو هەموو تەنیاییەوە ئەهاتین و ئەچووین ...
ئەو هەموو غەدرە زەق زەق تەماشای دەکردین / ئەو هەموو شەوو ڕۆژە وەک نەدیوو نەناس لامانا تێ ئەپەڕین / مانگێک هەڵئەئەهات لێی بپرسین سەعات چەندە ..؟؟..
هەشت ساڵ باوکم و جەنگ لەسەر جێگا کەوتن و بۆنیان خستە کلوری هەموو دڵێکی من و دونیاوە ..!!
– هەشت ساڵ خەومان نەبینی هەرچی ڕویدا ڕاست بوو ....
– چارەنووس چ جەللادێکی واسواسە باوکە / جارێک دەمانکاتە باوک و کوڕو / جارێک هابیل و قابیل و /
جارێک دەمانکاتەوە کتک و مشک /باوکم برازای بێ دەنگی بوو / وەک ئاوماڵێکی فزووڵی حەزی دەکرد بزانێ دڵی من چی تێدایە / – لێی پرسیم (( مەکتەب )) چیت تەواو کردووە .؟؟..
– لێم پرسی شانزەڕسکان دەزانیت ..؟؟!! – ووتی ئاخر من چاوم نابینێ !!..
– ووتم ئاخر منیش عارەبی نازانم ..، – ناوم ((سەمەدە )) دڵم لادێییە ...
– دێیەکەمان چەند سەدەیەک دەکەوێتە ئەم دیوی مێژووەوە !! .. دەرچووی کۆلێجی
– (( بنەی خەپە کوێرم )) .. یەکەمی ساڵی هەزارو – (( ١٩٩٨، ١٩٩١، ١٩٧١، ١٩٧٩، ١٩٩٨ )) م
– هەزارو هەزار ئەکاتە سفر / هیچ وهیچ ئەکاتە من و تۆ / ئەتوانم ناوی خۆم بە حینجە بخوێنمەوە /
بە دەنگی بەرز لەم چۆڵەوانییەدا ناوی خۆشەویستەکەم بهێنم / یەکەم حەرفی (( بە ئینگلیزی )) لە سەر لمەکە بنووسم / دەتوانم ڕەسمی دڵیک و تیرێکیش لەسەر دەستم بکوتم ...
– دواتر تاقەتی قسە کردنمان چوو / کە پێخۆریشمان پێ نەما ئیتر بەخەیاڵ ئەژیاین/
–سەرمان کەچەڵ بوو/ دەم و چاومان بالوکەی دەرکرد / عەورەتمان توێژی هەڵدابوو / لممان دەخستە سەر بڵقی برینەکانمان .. قافڵەیەکین لە موعانات ...
– هەموو بیرەوەرییەکانی خۆمان تەیی کردو / چەند جارێک سەرمان سپی کردو هەر نەگەیشتین/
– هەموو ئەستێرەکانمان ژماردو ، هاموو دانەکانیشمان هەڵکێشان !
چەند جەولەیەکی شەڕی تازەیش دەستی پێ کردەوە ، هەر نەگەیشتین و نەگەیشتین ..
– (( ماڵ ها لە کوێ .. ێ ؟؟ )) ها لە دوور (( ماڵ ها لە کوێ .. !! )) ها لە دوور
– (( تۆ دەسرەکەت هەڵکە بزانم (بای) دێ ..؟.. نەء
– دیقەت بدە بزانم کێوی (( توور )) دیارە ..؟؟ .. نەء
– سەرێ بکێشە بزانم هەور هەیە بە ئاسمانەوە .. ؟؟ ..نەء)) نەءء
– نە بای دێت و نە باران ..!! نە ((عیسا)) دێت و نە (( مووسا)) ..!! نە جەنگ ئەڕوات و نە ئاشتی
– تەنها مەگەر ((عیزرائیل)) بتوانێت بماندۆزێتەوە باوکە ..!! باوکم لە کەلی عینادی نەئەهاتە خوارەوە
– دەیگووت :– ئەی چۆن ؟ (( خدری زینە ماوە )) ...

– خدری زینە دێت و چل سوارەی غەیبی لەگەڵایە ..!!!
باوکم بێ خەبەر لە هەموو ژیان چاوەڕوانی موعجیزەیەکی دەکرد !!!!!
– دەیگووت:– خدری زینە دێت و پێی ئێژم کانییەکمان بۆ لێ بدات (( ئاوی حەیاتی لێ هەڵبقوڵێ))
– ئەم ناوە هەمووی ئەکەمە بەراوو .. / ئێژم (( ژنێک )) بۆ کوڕەکەم بخوازە .
– ئێژم دۆعایەک بۆ چاوم بکە ، ئێژم و ئێژم ... هەر ئەیووت و ئەیووتەوە ....
– (( کوڕی قۆڕە ئەتبینمەوە بزان قسەی کێمان ڕاستە ... !! )) ..
– منیش بینا وەخاتری دڵی ئەو دەمگووت ئەگەر (( سۆشیالیزم )) بەرپا ببێت (( دەتوانین چای ڕەش
بخۆینەوە )) ....
– من ...
– من ئێژم خدری زینە دێت ... (( توو چی ئێژیت)) ؟؟
– من ئێژم دیموکراسی باشە .. !!
– حەزرەتی ((موسا)) دێتە سەر کێوی توور و دوای هەزارو یەک کەلیمە قسە پێی دەڵێم بەشکو شتێکمان بۆ بکات ...
– هیچی پێ نەڵێین باشترە باوکە ... هەر ئەیووت و ئەیووتەوە .. هەشت ساڵ بە حافزی دەستیم گرت و
بە نێو ئەم بیابانەدا هاتین و چووین / عاقیبەت و ئەنجام نەگەیشتینە هیچ کوێیەک ...!!!
– ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە دەیکردە دوایین ئێوارەی هەموو شتەکان ، دوایین ئێوارەی بیرەوەرییەکانی
من و حیکایەتی مردنی سەرقافڵەچییەکی مەزن ، نە ئاوم هەبوو بیدەمێ ..
نە ئەمتوانی پەڕەیەک (( یاسینی)) بخوێنم ..!! ڕووەو مەجهول ڕامکشاندو
دەستەکانیم درێژ کردن ..بەناشتنێکی ساردو سڕ تەداروکی جەنازەکەیم کێشا ....
ئاسمان پەمەیی دەچووەوە .. بیابان وەک ڕوخساری باوکم ماش و برنج بوو
وەک هێڵێکی خۆڵەمێشی لەسەر لمە گەرمەکە درێژا بوو .. چاوەکانی کەم کەم نیشتن
هێواش هێواش دەنگی کەرخ بوو..

– گووتم :– چ وەسێتێکت هەیە بیکەیت ..!!
– ووتی : ئاو .... چاوم شۆڕ کرد ...
– ووتی : دەسرەکە هەڵکە بزانم بای دێ ؟؟ ... سەرم داخست .
– خدری زینە نەهات ..؟؟ ووتم نەهات ...
– ووتی : کێوی توور دیار نییە ؟؟ .هەناسەیەکی گەرمم هەڵکێشاو هیچم نەوت !!..
– گووتی : کورم دەتوانیت (( سویرەتێک یاسینم بخوێنیت )) ..؟؟؟..
– (( سەحەر کڵاو ڕۆژنەیەک نییە بۆ تاریکی .. لەم ئاوێنەیەدا بۆ خۆت مەگەڕێ ...
– ئەم لاپەڕەیەش بە بۆشایی جێ بهێڵە .. لێرە لەسەر ئەم لمە هیچ مەنووسە یان هەر چیت نووسی
بیکوژێنەوە ....
– لەسەر عاقیبەتی ئەم دڵئێشاوییە ڕامەوەستە ، یان ئەگەر ڕاوەستای ئاوڕێک مەدەرە دوواوە ..

– تارمایی هیچ ئێوارەیەک سۆراخی ئەم نەهاتنەوەیە ناکات ..
– شەوقی چرای هیچ ئاوماڵێک لەم بزر بوونە ناگەڕێ ...
– بێ نازی پەنجەرەیەکی تاریکە ، هەموو ئێوارەیەک لەسەر ئەم ڕۆیشتنەوەیە دەکەوێتە سەر پشت ..
هەموو بەیانیانێک بەر لە هاتنە دەرەوەی ئەم تەنیاییە دائەخرێ ..
– سەحەر کڵاو ڕۆژنەیەک نییە بۆ تەنیایی .. مەلێکی نێو کونجی قەفەس ئەو پرسیارە لەکەس ناکات :–
– دونیا شەوە یان ڕۆژە ..؟.. فەسڵ پایزە یان بەهار ...؟.... – سەحەر هیچ نییە هیچ )) ..
– کەم کەم گیانی تەسلیم ئەکرد .. هێدی هێدی لمەکە دایئەپۆشی ..
– دڵم پڕ بوو ، گریان لە ئەوکمدا پەنگی خواردەوە بەڵام نەگریام .!!
شەقاو شەقاو ڕووی خۆم داخست و ئەو دەشتاییەم داوە بەر !!!
لە دووری هەشت ساڵ ڕۆژە ڕێوە لایەکم کردەوە .. دەمبینی هێشتان لمەکە دایئەپۆشێ !
– باوکە قەدەر چ بوختانێکی بۆ کردین ..؟.. جەنگ چ درۆیەکی بۆ هەڵواسین ..؟؟
چارەنووس چ جەللادێکی واسواس بوو..
جارێک دەیکردینە باوک و کوڕو ، جارێک هابیل و قابیل و
جارێک دەیکردینەوە کتک و مشک .. !!!

– لە بیابانەوە دێم شەجەرەم دەگەڕێتەوە بۆ تینوێتی ..
– ڕەچەڵەکم دەچێتەوە سەر ئەو قەبیلەیەی بۆ بەهارەهەوار هاتبوونە ئەم دەشتاییەو منیان لەگەڵ دووکەڵی کوانووەکەیانا لێ بە جێما ...
بە یەک پشت دەچمەوە سەر ئەو پیاوە نیاندرتاڵەی بەشوێن ئاسکێکدا هاتە ئەم بیابانەو منی لەسەر ئەم ڕەمەتە تاوێرە هەڵکۆلی ...!!
– هاوڕێکانم یەک یەک لە دڵی منا مردن و لە بیرەوەرییەکانی دایکیشمدا بەسەر چوون ...
– خوشکەکانم شوویان کردە بیابانی عەرەبستان و
– دایکم بەسەر گەڵامێویکەوە ئاو بردی و .. بردی ...
بە درێژایی ڕووبارەکە دایکم وەسێتی کردبوو :–(( کەپرێک بۆ داڵدەی بێ نازی –باڵوولی– کوڕم دروست بکەن شایەکان ئەگەر هاتەوە ))..
– دایکم مردو ... دوای دایکم ماینەوە من و تەنیاییەکی نەخۆش ، تەنیاییەکی فێ گرتووی ئیفلیج !
تەنیاییەکی وشک و سادیی ،نیوەشەوان بەسەر خۆشی دەهاتەوە ..!!
– خوایە گیان چیم لێ ئەکەی ...؟؟؟
– من بەتەنها بەرگەی ئەم عوزلەتە ناگرم ..!!
– بەتەنها من بەرگەی ئەم غوربەتە ناگرم ...!!!.